# لەهەولێکی زەبوونانەی هاوبەشی نیوان هیزەکانی ئەمریکا و میلیشیا چەکدارەکانی حکومەتی مالیکیدا، ئەبو ئەمیر "عەبدولحسین سەددام"یان تیرۆرکرد.

سەرلەبەیانی ڕۆژی **2007/7/4** هیزیکی هاوبەشی نیوان میلیشیا چەکدارەکانی حکومەتی مالکیی و هیزەکانی ئەمریکا بیشەرمانە هەلیان کوتایە سەر خیزانی هاوری ئەبو ئەمیر" عەبدول حسین سەددام" لەگەرەکی حەی ئەتیبا لەشاری بەعدا و دوای گەمارۆدانی مالەکەی دایانە بەر تەقە. هاوری ئەبووئەمیر کە لەگەل برایەکیدا لەمال بوون دەستبەجی وەلامی ئەم پەلامارەیان دایەوە، بەتایبەتی کەپێیان وابووە ئەم کردەوەیە لەلایەن میلیشیای چەکداری تایەفەگەری و تیرۆریستی ئەوناوچەیەوە دەستی بۆبراوە. بەلام دواتر رۆشن بوو کەلایەنەکەنی ئەم کردەوە تیرۆریستیيە هیزە داگیرکەرەکانی ئەمریکاو دەست و پیوەندی چلکاوخۆریەتی. هیزەهاوبەشەکەی ئەمریکا و حکومەتی مالیکی پاش تەقەکردنی کویرانە توانیان دەستیان بگاتە هاوری ئەبوو ئەومیر و خۆیی وکچیکی بریندار بکەن. کەدواتر بیشەرمانە کچە بەبریندارەکە بەخوین لەبەرڕۆیشتنەوە بەجی دیلن و هاوری ئەبو ئەمیر دەبەن. سەرەرای ئەوەی کە ئیسعاف و دەزگای پزیشکی فریاگوزاری لەگەل هیزە هاوبەشەکەدا دەبیت، بەلام دورۆژ دوای رووداوەکە جەستەی تیرۆرکراوی ئەبوئەمیر دەبەنە خەستەخانەی توب عەدل لەگەرەکی یەرموك بەجێی دیلن. بەمجۆرەش هیزەکانی ئەمریکا و حکومەتی مالیکی تاوانیکی گەورە دەرهەق بە خەلکی عیراق و کۆنگرەی ئازادی عیراق ئەنجام دەدەن.

ئەم کردەوە زەبوونانەیە، هەولیکە لەراستای ریگەگرتن لەهەرخەباتیکی سیاسی و ئازادیخوازانەی خەلکی عیراق کەناچیتە ژیر چەتری تیرۆریستانی ئیسلامی و دەستە وتاقمی کوێ لەمستی داگیرکەرانەوە. بەهەق تیرۆری هاوری ئەبو ئەمیر لیدانی زەربەیەك بوو لە بەرەی ئازادیخواز و ئینسانی، خەلکی عیراق کە لەدژی ئەمریکاو دەست و پیوەندەکانی راوەستاوە و تیدەکۆشیت لەپیناو گیرانەوەی مەدەنیەت وئارامی بۆخەلکەکەی بەهەق پیویستیان بۆ بەرابەریکی وەك ئەبو ئەمیر.. شایانی باسە چەندرۆژ پیشتر بەرلەتیرۆرکردنی هاوری ئەبوو ئەمیر هیزەکانی ئەمریکا پەلاماریکی فاشلیان هینایە بنکەی مەرکەزی کۆنگرەی ئازادی عیراق و ئەم کردەوە تیرۆریستانەیەش لەدریژەی هەر ئەم پەلاماردانەدا نەخشەی بۆکیشراوە.

لەمبارەوە دەیان کەسایەتی و ریکخراو و ئەحزابی سیاسی لەئاستی جیهانی و ناوخۆیدا رووداوی تیرۆری هاوری ئەمیریان سەرکۆنەکرد و تاوانەکەیان خستە ئۆبالی هیزەکانی ئەمریکا و حکومەتی مالیکی. هاوکاتیش نامەیەکی زۆری سەرەخۆشی و هاودەردی ئاراستەی خیزان و کەس و کارو هاوریانی ئەبوو ئەمیر و کۆنگرەی ئازادی عیراق کراوە کەلیرەدا ئاماژە بەبەشیکیان دەکەین:

نامەی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی هاوری سامان کەریم، نامەی هاوری ریبوار ئەحمەد سکرتیری کۆمیتەی ناوەندی حیزب. نامەی نوینەرایەتی کۆنگرەی ئازادی عیراق لقی سویسرا. نامەی لقی سویسرای ریکخراوی ئازادی ژنانی عیراق. نامەی ریکخستنەکان و لقی کۆنگرەی ئازادی عیراق لە شاری سەلاحەددین. نامەی هادی عەبدول حسەین حەسونی سەرۆکی لقی کەربەلای کۆنگرەی ئازادی عیراق. نامەی فازیل عەبدول زەهرە سەرۆکی یەکیتی کریکارانی میکانیك و چاپخانەکان. نامەی عەقیل خزەیر، سەرۆکی لقی ئەسکەندەریەی کۆنگرەی ئازادی عیراق. نامەی عەبدوللای شەریفی هەلسووراوی ناسراوی کۆمنیستی لەئیران. نامەی تینا لویس، لەکەمینی دژ بە شەر لەبەریتانیاوە. نامەی جۆن رۆیاڵ لەریکخراوی دلسۆزی بۆ کریکاران و عەدالەت لەئەمریکاوە. نامەی سەعید نیعمە ئەندامی لیژنەی کارگیری کۆنگرەی ئازادی عیراق. نامەی ئیدانە کردنی ناوەندی هاولاتی و یەکسانی لەبەعداد. نامەی بۆب مۆهینکاپ لەئەمریکاوە. نامەی جۆزیف گاینزا، لەکۆمەلەی خزمەتگوزاری و برایەتی لەئەمریکاوە. نامەی لقی ناسریەی کۆنگرەی ئازادی عیراق. نامەی لیژنەی ناسریەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق. نامەی لەیس جابر. نامەی سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حیزبی کۆمنیستی کرکیاری ئیران-حیکمەتیست. نامەی عیرفان کەریم هەلسوراوی سیاسی و کۆمنیست لەئەلمانیا. نامەی قاسم هادی سەرۆکی یەکیتی بیکاران لەعیراق. نامەی گولنار حەمەد، نامەی ئەبو وەتەن رابەری جەماوەری لەشاری بەسرا. ینیس لۆمبارد ئەمریکا. ماسۆمی موکای هاولاتی یەکی یابانی. موری فومیایقخ سەرۆکی کۆمەلەی هاوپشتی لە بزوتنەوەی مەدەنی خەلکی عیراق لەیابان. ئاسکی کینجی بزوتنەوەی دیموکراسی و سۆسیالیستی لەپابان. کاسی ستۆن لەئەمریکا. مایکل بیسنشیر سکرتیری نیشتمانی کریکارانی ئەمریکا لەدژی جەنگ. کیڤن ماکارۆن لەئەمریکا . شینجی تاکیوچی سکرتیری یەیکتی کرکیارانی ئۆسکا لەیابان. دینیس لۆمبارد ئەمریکا. دەهلیا وەسفی لەئەمریکا و چەندین کەسایەتی تر.

ئەو حیزب و ریکخرانەش کەلەئاستی عەلەنیدا رووداوی تیرۆری هاوری ئەبو ئەمیریان ئیدانە و حکومکردەوە :

بەیاننامەی کۆنگرەی ئازای عیراق، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیران حیکمەتیست. حیزبی ئیتحادی کۆمنیزمی کریکاری، یەکیتی شوراو نەقابەکریکارییەکانی عیراق. کۆمەلەی هیرۆشیما بۆ پشتیوانی لەخەلکی عیراق، ئەمیرکا. یەکیتی بیکارن لەعیراق. کۆمەلەی

هاوپشتی لە بزوتنەوەی مەدەنی خەلکی عیراق  لەیابان. بزوتنەوەی دیموکراسی و سۆسیالیستی لەپابان. کەمپینی کریکارانی ئەمریکا لەدژی جەنگ. یەکیتی کریکارانی ئۆسکا لەیابان.

ئەمانە و لە توکیۆی پایتەختی یابان و ولاتی کەنەدا دوو ئاکسیۆنی جەماوەری بۆ ئیدانە کردنی ئەم تاوانە تیرۆریستییە بۆبەردەم سەفارەتی ئەمریکا لەم ولاتانە بەری خراوە و تیدا نامەی نارەزایەتی خراوەتە بەردەم نوینەرانی حکومەتی ئەمریکا. لەلایەکی‌تریشەوە لەلایەن ئەندامان و دوستانی حیزب و کۆنگرەی ئازادی عیراقەوە چەندین فاکسی نارەزایەتی بەفەردی وبەکۆمەل بۆ سەفارەتەکانی ئەمریکا لە ولاتانی ئەوروپا و ئەسکەندەناڤیا و کەنەدا و ئۆستراليا بەری کراوە..

یادی هاوری ئەبو ئەمیر زیندووە و سەرمەشقی خەباتی خەلکی عیراقە لەپیناو ئازادی وکۆتایی هینان بە ئیحتلال و گیرانەوەی مەدەنیەتی بۆکۆمەلگا.

یەکیتی شوراو نەقابە کرێکاریەکان لەعیراق